# زوو باڵقبووونی کچان و...گرفتێکی نوێ

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**



**بەرایی**

دەستبردن بۆبابەتێك کەشارەزایت لێی نەبێت ،دەبێتەگرفت و،ڕەنگەدووچاری ڕەخنەی توندو ،هەندێك جار جنێوە ڕەخنەشت بکاتەوە .چونکە نەشارەزای بەهەڵەتدا دەبات و،بەرامبەرت دەوروژێنیٚ،هەربۆیەزۆر ناوێرم دەست بۆئەوشتانەبەرم کەتەواو شارەزایم لێی نییە ،وەلیٚ هەندێك جار ناچاردەبم قسەگەلێك لەبارەی هەندێك بابەتەوەبکەم کەدەبینم بووەتەدیاردەو ،لەڕاستیدامایەی نیگەرانییە .چونکە ئەنجامەکەی باشناکەوێتەوەو،زیانی دەبێت لەگەڵئەوەشدا کەس باسیاننناکات و،هەمووبێدەنگن لێی.ئەگەرچی ڕەنگەهەندێك جار ئەمبێدەنگییە کایگەرێتی کەلتووربێت بەسەرشتەکانەوە.

لەبیرم دێت جارێکیان مامۆستای زیندەوەرزانی باسی پەردەی کچێنی بۆدەکردین ،دوایی ئەوەی بەتامزرۆی یەوەگوێمان بۆگرت ،زۆرێك لەهاوەڵەکانم دەیاوت:- تۆبلیٚی لەڕوی بێت لەفێرگەی کچانیش باسیبکات؟؟!!هەندێکی دیکەدەیانوت:- چۆن لەڕووی هات !!ئەوەبیرکردنەوەی لاوی ئێمەیە ،کەزادەی کەلتورێکی ڕزیوو ،بێتامە،کەنەوەکان لەسەربێدەنگی و،شەرمنی پەروەردەدەکات،بێگومان ئەوەندەی زیانبەخشە هیچ سودێکی لیٚشێن نابێت.

کاتێك باس لەبەدیاردەبونی شتێك دەکەین ،مەرج نییە ئەوکارەخۆویست بێت بەڵکو هەندێك جار سروشت وادەکات دیاردەیەك بکەوێتەوە، گەرسەرنج بدەین کورتبوونەوەی باڵای مرۆ لەوەچەدوابەدواکاندا بەدی دەکرێت ،بێئەوەی مرۆڤ پێی خۆشبێت ،وەلیٚلەبەرئەوەی دیاردەیەکی بەزیان نییە ،نابێتەمایەی نیگەرانی وەك هەندێك دیاردەیدیکە .ئەگەرچی ئەمەئەوەناگەیەنێت کەدەستەوەستان بین لەبەرامبەریداو ،توێژینەوەی زانستی و،پزیشکی ئەنجامنەدەینو،هەوڵنەدەین بۆرێگری لەودیاردەیە ،یان هیچ نەبێت هەوڵی کەمکردنەوەی نەدرێت.

## خۆناسینی سروشتیو...ناسروشتی

هیچ شتێك لەئەزەلەوە بەگەورەینایەتەبوون،بەڵکودەبێت لەبچوکترین سەرەتاوەدەسپێبکات بۆگەورەبوون تائاستیئالۆزێتی ،مرۆڤیش وەك بەشێك لەبوون بێبەش نییە لەم هاوکێشەگشتییەی ژیان و،دەبێت سەرەتای هەبێت ،وەلیٚنامانەوێت بگەڕێینەوەبۆ ئادەم وحەوا .چونکەئەوە زیادەڕەوییە لەقسە کردندا ،وەك چۆن ناشمانەوێت باس لەهەناگاوەکانی دروست بوونی تۆو،هێلکەبکەین،کەئەمانیش لەبچوکترین سەرەتاوە دەستپێدەکەن تاکاتی پێگەیشتن و،دواجاریش بەهۆی کردار پیتێنەوە کۆرپەلەدروست دەکەن ،کەگەشەدەکات

و،دوای زیاترلەنۆمانگ ،یان ڕاستتربلێین: دوای نۆمانگ وچەند ڕۆژێك (بەگشتی) منالێك دێتەبوونەوە،گەورەدەبێت و،بەمشێوەیە بوونی مرۆڤ بەردەوام دەبێت .

هەتا دروستبوونی منالّ کردەکان بەئالۆزیدا تێدەپەڕنبە پێچەوانەی دوای لەدایك بوونەوە ،کەبەشێوەیەکی گشتی تەنها گەشەڕودەدات و،دروستبوونی ئەندامەکان دەوەستن و،لەزۆربارداو ،تائێستا ئێمەی مرۆڤ هەست بەوئالۆزێتی‌یەناکەین و،نهێنی یەکانیان نازانین.ئەوەی لێرەدادەمەوێت باسی بکەم قۆناغی گەشەی دووای قۆناغی منالّی یە ،واتە:ئەوقۆناغەی مرۆڤ یەکەم هەنگاوی کامڵبونی جەستەی لێوەدەستپێدەکات و،دواتریش کامڵبوونی عەقلّ.ئەم قۆناغەش قۆناغی (باڵقبوون) یان (خۆناسین)ە،دوای منالّی مرۆڤ بەقۆناغی خۆناسین و،دوواتریش پیریدا ڕەتدەبێت،وەلێ ناسکترین و،بەبایەخترین قۆناغ قۆناغی خۆناسینە،کەدەبێت فەرامۆش نەکرێ وتائاستی گرنگێتی خۆی بایەخی پێبدرێت و،ڕۆشنبیرانی ئەمقۆناغە ڕۆشنبیر بکرێن تا توشی نیگەرانی و،ترس و،دڵەڕاوکێ نەبن.

ڕەنگە باسەکەلەنگی تێبکەوێت ،ئەگەر تەنها باسی خۆناسینی ڕەگەزی مێبکەین و، نێر فەرامۆش بکەین ،وەلێ لەبەر ئەوەی مەبەستی سەرەکی ڕەگەزی مێیەزایاتر لەسەر ئەوڕەگەزەدەوەستین .

مرۆڤی نێرینە،لە15ساڵیدا ،یان کەمێك پێش ئەوەپێدەگات ،واتە: نێرەڕژێنەکانی زاوزێ دەست بەدروستبوونی تۆودەکەن،کەزۆرجار بەهۆی شەیتانی بوونەوە هەستی‌پێدەکرێت و،بەزۆری تاتەمەنی17ساڵی ڕوودەدات بەڕێگەی نائاگای وەك خەونبینینی‌سێکسی ،یان بەدەست لێدان و،دەستپەڕ و،خۆخشاندن لەدۆشەك و،جلکی نەرم کەدەی وروژێنێت و، پرژانی تیا دروستدەکات،ئەمەجگەلەهەندێك سیفاتی ڕوخساری وەك: دەنگ گربوون و،ڕەقبوونی گۆی مەمك بەشێوەیەکی‌کاتی و،موی دەم وچاو (ڕیش وسمێڵ) وڕوانی موو لەهەندێك شوێنی دیکەدا.بەڵام مێینە زووتر پێدەگات و،بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان12-14 ساڵیدا دەبێت،واتە هێلکەدان لەو ماوەیەدا دەست بەبەرهەمهێنانی هێلکەدەکاتو،هەندێك گۆڕانی بەرچاویش ڕودەدات وەك: دروست بون و،گەشەکردنی مەمك و،فراوان بوونو خڕبوونی سمت و،دەستپێکردن و،ڕودانی سوڕی مانگانە(عادە) کە4-5ڕۆژدەخایەنێت و،هەر28 ڕۆژ جارێك دووبارە دەبێتەوە .ئەمەجگە لەوسیفەتەڕوکەشی‌یە گشتی‌یەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆهەردووڕەگەزی دەستنیشان کردووە،ئەویش:زبربوون،یان ڕەقبوونی موی دەوری



هەردووئەندامی زاوزێیە (توکەبەر) لەنێرومێدا ،لەمکاتەدا ئاین فەرمانمان پێدەکات چاودێریان بکەین ،بەجۆرێك کەدەبێت تەنانەت خوشك وبراکان لەیەکتر جیابکرێتەوە،نەباداتوشی لادان (ئینحراف) بن.

هەنوکە ئەم ڕێساگشتی‌یەی خۆناسین بەتایبەت لەڕەگەزی مێدا لەنگی تێکەوتووە و،تاڕادەیەك کاری پێناکرێت ،بەهۆی گۆڕانی سروشتی و، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە.ئەگەرچی خۆناسین بەزۆری هەر لەو سالأنەدا 12-14ساڵیدا دەبێت،ئەمەجگە لەهەندێك حاڵەتی شازی وەك(ئیمیلی) کەڕوداوێکی دەگمەن وشازبوو ، پزیشکەکانی سەرسام کرد کاتێك دیتیان مناڵێکی مێینەی هەشت مانگانە مەمکی کردووە،وەلێ پزیشکەکان هێشتا لەنهێنی ئەمەنەگەشتبوون ،کەئیمیلی سوڕی کەوتنە سەرخوێنیشی تیابینرا،هەربۆیە پزیشکەکان هەموو هەوڵ وماندووبونی خۆیان خستەکار تائەوکاتەی توانی‌یان چاری بکەن و،چالاکی لەڕادەبەدەری مێشکی کەمبکەنەوەبۆبارێکی ئاسای و،تێکچونی هۆرمۆنەکانی لەشی ڕێکبخەنەوە،وەلێ بەرامبەر بەدیاردەی خۆناسینی زوو ،کە پزیشکەکانی تایبەت بەڕژێنەکان لایان وایە دیاردەی گەشەسەندنی سێکسی و،خۆناسینی زوو لەزیادبووندایە،دەستەوەستانن،جگەلەدیاریکردنی هەندێك ڕێژەو ،هۆکاری سەرەتای،وەلێ بێچارە.بەنمونە دەڵێن:-نیشانەکانی خۆناسینی کچان زووتر سەرهەڵدەدات،ئەویش بەم شێوەیە:لەتەمەنی 8ساڵیدا 50٪ی کچەڕەشپێستەکان و،7٪ی کچە سپی پێستەکانمەمکیان دەست بەگەشەدەکات و،دواى ساڵێك ئەم ڕێژەیەدەبێتە 77٪و33٪ کەچە پێشتر تا تەمەنی 10ساڵی ئەم گۆڕانکارییە لەقەبارەی مەمکدا دیار نەبوو .لە بارەی ئەم دیاردەیەوەدەڵێن:قەڵەوی یەکێکە لەهۆکارەکانی ئەم دیاردەیە.چونکە ڕێژەی مناڵە قەڵەوەکان لە20ساڵی ڕابردوودا ڕووی لە زیادبوون کردووە،و چەوریش هۆرمۆنە سێکسی یەکان دەوروژێنێت ،هەرچەند کێشی مرۆڤ زیادبێت توانای لەش لەگۆڕینی هۆرمۆنەکان بۆ هۆرمۆنی ئیسترۆجینی مێینە زیاد دەکات و،مناڵە قەڵەوەکان ڕێژەی کۆلیسترۆڵی نێو خوێنیان زۆرە کەئەمەش کاردەکاتەسەرگەشە.

بەم پێیەبێت دەبێت ئەم دیاردەیەزیاتر لەوڵاتانی ئەمریکا و ،ئەڵمانیاو ،فەرەنسا دەربکەون، چونکە 17٪ی ئەومناڵانەی کەقەڵەون لە ئەمریکان و،21٪یان لەئەڵمانیاو، 13٪شیان لەفەرەنسان ،وەلێ ئەم دیاردەیە زۆروڵاتی گرتۆتەوە ،هەروەها چەند زانایەکی‌تر لایان وایە :ژینگەو ،کاریگەرییەکانی هۆیەکی سەرەکین.چونکە لە توێژینەوەیەکدا دەرکەوتووە کەمادە کیمیاوی‌یەکانی کەرەستەکانی جوانکاری هۆیەکی سەرەکینلەگەورەبوون وگەشەکردنی گۆی مەمکی کچان.

## زیانەکانی دیاردەی خۆناسینی زوو..

لەبەرئەوەی دروست بوونی دیاردەکانپێوەندی بەژینگەو باری کۆمەڵگەوەهەیە،کەواتەدەبێت بەگوێرەی ئەوژینگەو ،کۆمەڵگەیەش کاریگەرییەکانی دیاریبکرێت .کاتێك قازییەکی ئەوروپی دەڵێت: مناڵانی ئەمریکی لەکاتی ئاسایدا دەچنەقۆناغی هەرزەکاریو،زووتر لەکاتی ئاسایدا هەستی سێکسی یان گەشەدەکات) مانای وانی‌یە کەئەم بۆچونە تەنها بۆکۆمەڵگەی ئەمریکی بێت،وەلێ‌زیانەکانی‌بۆکۆمەڵگەی ئەمریکی جیاوازە لەهەر کۆمەڵگەیەکی‌تر،هەروەها لەڕاپۆرتێکی شاری بالتی مۆرداهاتووە: (کەپەیوەندی نێوان کوڕان وکچانی 7-8 ساڵان بووەبەشتێکی ئاسای) کەچی ئەمەلای‌ئێمەزۆردەگمەنەیان دەتوانین بڵێین هەرنی‌یە،کەدەشێت ئەم قسەیە هەڵەبێت!!

وەك وتمان دیاردەی خۆناسینی زوو هۆکارێکی دیاری کراو تەواوی نی‌یە،کەواتەهەندێك جار لەوانەیەبەهۆی کیس و وەرەمەوە ڕوبدات ،هەربۆیە پێویستەلەکاتی بەدی کردنی ئەم دیاردەیە دا،ئەوکچانە پیشانی دکتۆربدرێت، هەروەها لەوانیە گەشەی‌گشتی لەشی دووا بخات،ئەمەجگەلەوەی هەندێك لەوکچانەتوشی گرفتی دەرونی دەبن کاتێك هەستدەکەنهێشتاتەمەنی ئەوەیان نی‌یەمەمك بکەنو،هێشتا لەساڵەکانی سەرەتای قۆناغەکانی خوێندندان .کەچی مەکیان کردووەو،سمتیان پان بووەو،هەستی سێکسییان لادروستبووەهەربۆیە زۆرجار شەرم لەگەورەکاندەکەن.

## کۆتـــــــــــــایی

جۆرج بوش لەکتێبی شۆرشی سێکسی‌دا دەڵێت: ( چەندین تەنەبۆمبای سێکسی رۆژانەدەتەقنەوە، کەدەبنەهۆی دروست بوونی دڵەڕاوکێ و، تەنها منالەکانمان ناکاتە درندە ،بەڵکو خێزانەکانیان و،کۆمەڵەکانیشیان دەشێوێنێت.!! )

زۆرجار کەباس لەمەسەلەیەك دەکەم پێوەندی بەسێکسەوەهەبێت،ئەم قسەیەی جۆرجم بیردەکەوێتەوە،دەترسم لەورۆژەی کۆمەڵگەی کوردیش بەوئاقارەدا بڕوات و،ئیدی دەستمان لەبنی هەمبانەکەدەردەچێت و،دەبێت دەست لەبنا گوێبنێین و،سەیری فلمەکەبکەین بزانین کۆتاییەکەی بەکوێدەگات.

کاتێك لاولەنێو ئارەزووبازیدا رۆدەچێت گرفتی گەورەسەرهەڵدەدات (جۆن کەنەدی) لەم بارەیەوە سەبارەت بەکۆمەڵگەی ئەمریکی قسەدەکات،ودەڵێت: ئایندەی ئەمریکا لەمەترسیدایە .چونکە لاوان رۆچون لەئارەزووبازیدا و،تیایدا تواونەتەوە،بەشێوەیەك ناتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن،لەحەوت کەسیان شەشیان بەکەڵکی سەربازی نایەت، بەهۆی ئارەزووبازییەوە بەشێوەیەك لیاقەی تەندروستی‌و،دەرونی‌یانتێکچووە. )

هەنوکەلاوی کورد خەریکەبەرەو رۆچوون لەنێو ئارەزووەکانیدا هەنگاو هەڵدەگرێت،کەئەمەش مایەی نیگەرانی‌یەو،مەترسی گەورەی بەدوواوەیە،چونکە دوورلەبەرنامەرێژی ئەم کارەدەکرێت،و تەنهاوتەنها لە هەوڵی تێرکردنی سێکسی‌دان بەشێوەیەکی ناشەرعی و،لەرێگەی کرینی جەستەی لەشفرۆشەکانەوە،بەتایبەت لەشفرۆشەبیگانەکان،چونکە ئەمان ئامادەن لە پێناوبرێك پارەی کەم سێکست لەگەڵبکەن،کەئەگەر ژمارەیەکی زۆرزۆر کەمی ئەم لەشفرۆشانە،هەڵگری ڤایرۆسی ئێیدز بن،ئەوا لەدەساڵی ئایندەدا کۆمەڵگەی کوردی دەکەنەیەکێك لەکۆمەڵگەناسراوەکانی دونیای ئایدز، چونکە ئەم لەشفرۆشانەبێهیچ پشکنینێك دێنەکوردستان و،رێگریشیان لێناکرێت لەئەنجامدانی ئەم کارە ونێرینەی کوردی تینوو بۆ بۆسێکس بێهیچ بیرکردنەوەیەك دەکەونەئەم هەڵەیەوە ،وەلێ هەندێك لەولاوانە بەکارهێنانی کۆندۆم زیاتر بەهەڵەیاندادەبات، چونکە کۆندۆم تەنها رێگری لەسکپڕبوون دەکات (ئەمیش ئەگەر بەشێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت) جگە لەهەندێك کۆندۆمی تایبەتی کە پێموابێت لێرەنی‌یە، ئەگەرچی رەنگەتا ئێستا ئایدز لەکوردستان نەبێت!! یان هەبێت ودەرکی پێنەکرێت.چونکە دوای 3-5 ساڵ نیشانەکانی دەردەکەوێت ،وەلێ هەندێك نەخۆشی وەك فەرەنگی وسوزەنەك بوونی‌هەیەو،زۆریشەوچارەسەریان هەیە،ئەمەجگەلەکلامیدیا کەمەترسی بڵاوبوونەوەی‌هەیە.



لەمانەش ترسناکتر بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی یە بۆمەبەستی وروژاندنی سێکسی ،ویارمەتی‌دانیان لەکردەکانی سێکسدا، بە نمونە حەبەکانی وەك: Viagra-vasomex-muse-cylase-levetraکەلەکوردستان زۆرن وهەرزانن لەگەڵ پەمپی سێکسیدا،بێئەوەی پرس بەدکتۆربکەن کەبەدڵنیاییەوە پزیشك بۆیان نانوسێت،چونکەلانی کەم لەگەڵ تەمەنیاندا نەگونجاوە.

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێبدرێت دەنگۆی ئەوەیەکەگوایە جۆرەمەرهەمێك بەرهەمهاتووە، وهەنووکە لە کوردستانیشداهەیە،وکچان بەکاری دەهێننبۆسنگ ومەمك وسمتیانو،گوایەگەورەی دەکات ،وەلێ بەهۆی نەبوونی دەرفەتەوە نەمتوانی ڕاستی ونارستێتیم بۆئاشکرابێت ،هەربۆیەئەگەر وانەبوو داوای‌لێبوردن دەکەم لەخوێنەران و،زانستخوازان، چونکەهیچ سەرچاوەیەکی زانستیم بەرچاونەکەوتووە جگە لەهەندێك قسەی خەڵکی .

سود وەرگیراوەلە – stage of growth- reproductive: physiology and anatomy- الجنس والحياه-internet-

www.shada.8m.net
E-mail: hemn_barznji@yahoo.com
Mobile: 0770 151 55 82